# هاووڵاتیی پلە یەک

حەمەسەعید حەسەن

(ئەگەر ناوبانگت پەیدا کرد، چاوەڕێیی پەلاماری سەگگەلیش بکە!
سەگ دوو جۆرە: هەیە پێت دەگەفێت، هەیە پێت دەگرێت.)

دەشێت سالانێک شۆڕشگێڕ بووبێت و دواتر، یان دروستتر کە دەستت لە دەسەلات گیربوو، ببیە دیکتاتۆر. کاسترۆ ئەو سەروەختەی لەگەڵ گیڤارادا سەرقاڵی شۆڕش بوو، خەباتگێڕ بوو، وەلێ لەمێژە دیکتاتۆرە، ‹ڕۆبێرت موگابی›ش سالانێکی دوور و درێژ لە پێناوی ئازادیی ‹زیمبابوی›دا خەباتگێڕێکی سەرسەخت بوو، وەلێ دەمێکە وەک دیکتاتۆر ناوی زڕاوە.

با وای دابنێین، جەلال تاڵەبانی تا پێش ڕاپەڕینیش هەر کەسێکی شۆڕشگێڕ و دیموکرات بووە، وەلێ هەنووکە ئەگەر هیچ بەڵگەی تریشمان بە دەستەوە نەبێت، بەو نامەیەدا کە لەم دواییەدا لە هەندێک لە ئەندامانی مەکتەبی سیاسیی ‹ینک›ەوە ئاڕاستەی کراوە، دیکتاتۆربوونی ئاشکرا دەبێت. ئایا یەکێک بەرانبەر نزیکترین هاوکارانی خۆی نادیموکرات بێت و مافی کەسانێک پێشێل بکات کە دەیان ساڵ هاوسەنگەری بوون، دەبێت چاوەڕێی ئەوەمان لێی هەبێت مافی تاکەکانی کۆمەڵ لەبەر چاو بگرێت؟ وەک بە نامەکەی نەوشیروان مستەفا و هەڤاڵەکانیدا دەردەکەوێت، سالانێکە مام جەلال سووکایەتییان پێ دەکات و بێدەنگن، ئایا کەسانێک زاتیان نەکردبێت، ڕوو بە ڕوو داوای مافی ڕەوای خۆیان لە سکرتێری حیزبەکەیان بکەن، شیاوی ئەوەن کورد متمانەیان پێ ببەخشێت و بە هیوا بێت، مافەکانی بۆ دابین بکەن؟

شەش ساڵ بەسەر ڕێکەوتننامەی واشینگتۆندا گوزەری کردووە و هێشتا لە کوردستاندا، نەک هەڵبژاردن، تەنانەت سەرژمێرییش نەکراوە! ئایا دەسەلاتدارانی کوردستان ئەگەر میللەتیان بە مێگەل نەزانییبا، ناڵێم هەڵبژاردن، زەمینە بۆ سەرژمێرییش لەبار نەبوو! کوردی باشووری کوردستانی دانیشتووی هەندەران دەتوانێت، نوێنەری خۆی بۆ پەرلەمانی عێراق دەستنیشان بکات، بەڵام مافی ئەوەی نییە، نوێنەری خۆی بۆ پەرلەمانی کوردستان هەڵببژێرێت! دەسەلاتدارانی کوردستان بۆیە بەم سووکایەتی بە کورد کردنە قایلن، چونکە پێش ئەوەی کوردستانی بن، عێراقین، چونکە هاووڵاتیبوونی کوردستان لە کن وان، هیچ بایەخێکی نییە، چونکە بە هۆی ئەو بلۆفەوە کە ناوی لیستی هاوبەشە، کورد کەروێشک بخوازێت یان ئاسک، هەر کەروێشکی پێ دەبڕێت،* ئەمەش زادەی ئەوەیە کە پێوەندیی نێوان ‹سەرکردە› و تاکی کورد، وەک پێوەندیی نێوان فریودەر و فریودراو، فێڵباز و ساویلکە، شوان و مێگەل، جەللاد و قوربانی وایە.

2004. 12. 09

* ترید أرنب، خذ أرنب، ترید غزال، خذ أرنب!